سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی و ئەسەد تاوتوێی کۆنترۆڵکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵات دەکەن

ئەمڕۆ دووشەممە، فالح فەیاز، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی، لەگەڵ بەشار ئەسەد، سەرکی سوریا سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی سنووورکان و بەدواداچوون بە ڕەکخراوە توندڕەوەکان گفتوگۆیی کرد.

بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری گشتی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە" ئەمڕۆ فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی لەگەڵ بەشار ئەسەد سەرۆک کۆماری سووریا کۆبووەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژە بەوەشکراوە لە کۆبوونەوەکدا هەردوولا باسیان لە بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەماهەنگی کاریگەر بە کۆنترۆڵکردنی سنووورکان و بەدواداچوونی ڕەکخراوە توندڕەوەکان و پاشماوەکانیان کردووە کە هەوەدەن ئاسایشی سوریا و عێراق بکەنە ئامانج.

لای خۆیەوە سەرۆک کۆماری سوریا جەختی لەوە کردەوە ئەو تیرۆرەی کە شەوازی کوشتن و خوێنشتن دەگێڕتەر، لە هەموو شوێنێکی جیهان وەک یەکە، ئاماژەی بەوەشکرد لایەنگرانی تیرۆر لە سوریا و عێراق هەمان لایەنگرانی تیرۆریزمن لە شوێنکانی تر، گرنگ نییە ئەم ڕەکخراوە تیرۆریستیانە چەند ناویان هەبێت.

سەرەک کەماری سووریا ئاماژەی بەوە کرد کە خەباگری و بەهێزی سوپای سووریا و عێراق بنەمای بەدەستهێنانی سەرکەوتنی یەک لە دوایینکان بوو لە بەرامبەر تیرۆریستان و لایەنگرانیان.